زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر
کۆلێژی ئاداب
بەشی راگەیاندن

# بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی

## قۆناغی چوارەم

وریا روستم محمد

# بەشی یەکەم:

# دەروازەیەک بۆ بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی

# پێناسەی دەرهێنان و بەرهەمهێنانی رادیۆی و تەلەفزیۆنی:

**بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی:**

پرۆسەیەکی داهێنەرانەیە، ئامانجەکەی گۆڕینی بیرۆکەیە بۆ کۆمەڵێک وێنە و دەنگ و دابەشکردنی لە چوارچێوەیەکی هونەری بە ئامانجی گەیاندنی بە بینەران و جەماوەر و کاریگەری خستنە سەریان.

ئەم پرۆسەیە پێویستی بە ئەزموونی زۆرە لە بوارەکانی کارگێڕی، پلان دانان، ژمێریاری و ئەندازیاری دەنگ و ڤیدیۆ بە هەموو جۆرەکانی دەنگ و هونەرەکانی رووناکی و دیکۆر و جلوبەرگ و مکیاج و نواندن و کاریگەرییەکانی بە بازاڕکردن و لێکۆڵینەوە.

دەتوانین بە شێوەیەکی ئاسان چەمکی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی روون بکەینەوە بەوەی بریتیە لە کۆمەڵێک هەنگاوی پلانرێژی جێبەکاری جیاواز، کە دەبێتە هۆی گۆرینی بیرۆکەیەک بۆ پرۆگرامێکی تەلەفزیۆنی کە دەتوانرێت پەخش بکرێت، لەسەر بنەمای ئەم چەمکە گرنگیەکەی دەردەکەوێت لەوەی زۆربەی هەنگاو و رێکارەکان دەگرێتە خۆی دەبێتە هۆی هاتنەکایەی پرۆگرامێکی تەلەفزیۆنی،

بەدەستهێنانی ئامانجەکانی بە دیاریکردنی خواستەکانی جەماوەر دەبێت، وەکو دانانی بیرۆکەیەک دیاریکردنی ئامانجی پرۆگرامە سەبارەت بە جەماوەری بەئامانجگیراو، هەلبژاردنی قالبێکی گونجاوی تەلەفزیۆنی، پاشان دەرهێنان و هەلسەنگاندنی کارەکە. هەربۆیە بوونی پرۆگرامێکی سەرکەوتوو بەستراوەتەوە بە بەرهەمهێنانێکی تەلەفزیۆنی جیاواز وناوازە، بەهەمان شێوە لاوازی پرۆگرامێک بەستراوەتەوە بە لاوازی بەرهەمهێنانێکی تەلەفزیۆنی یاخود لاوازی لە بەشێک لە هەنگاوەکانی.

## چەمکی دەرهێنانی تەلەڤزیونی:

دەرهێنان بەگشتی پروسەی بەرێوەبردنی کاری هونەریە، ئەمە دەرهێنەر دەکاتە بەرپرسی یەکەم و کوتایی لە دەرکەوتنی کاری هونەری لە سەر شاشە، دەرهێنەر بە خوی نە وێنەگری دەکات نە مونتاژ و نە میوزیک دادەنێت و نە دیکور دروست دەکات و نە روناکی دابەش دەکات، بەلام لە هەمان کاتدا لەم هەموو قوناغەدا ئامادە و بەشدارە، بو ئەوەی بریار لە سەر زوربەی پێکهاتە هونەریانە بیدات بو دروستکردنی وێنە، لە هەلبژاردنی گرتەکان و گوشەکان و ئێفێکتەکانی وێنە و دەنگ و جولەی کامێرا و مونتاژ، هەموو کەسێک پێویستی بە بریاری کوتایی دەرهێنەر دەبێت، چونکە هەموان بە پێی دیدگای ئەو کاردەکەن، بەلام ئەویش ناتوانێت بەبێی ئەو کەسانە  بە تەنیا کاربکات.

**چەمکی دەرهێنانی تەلەڤزیونی:**

لایەنی جێبەجێکارە لە پروسەی بەرهەمهێناندا، ئەمە کە بەرهەمهێنانی پروگرام مانای ئەوە دێت کە "دابینکردنی هەموو پێکهاتە مادی و مرووییی و دارایی پێویست" ، کەچی دەرهێنان پەیوەستە بە چونیەتی بەکارهێنانی ئەو هەموو پێکهاتانە پێکەوە، و ئاراستەکردنی و ئیدارەدانی بو دارشتنی پروگرامێکی تەلەڤزیونی لە لایەنی هونەریەوە.

دەتوانین پەیوەندی نێوان بەرهەمهێنان و دەرهێنانی لە کاری تەلەڤزیونی بەراورد بکەین لە گەل بەرهەمهێنانی تابلوییێکی هونەر... کە لە بەرهەمهێنانی تابلودا پێویستی بە دەستنیشانکردنی بابەتی تابلوەکە هەیە، لە گەل دابینکردن و ئامادەکردنی هەموو پێداویستیەکانی پێویست لە "کاغەز، قوماش، جار، رەنگەکان..." لە گەل خودی وێنەکێشەکە کە ئەو تابلویە دەکێشێت، ئەو وێنەکێشە بەرپرسی یەکەم و کوتاییە لە لایەنی جێبجێکردن ئانکو "دەرهێنان"ی تابلوەکە، کە ئەو بیر لە شێوەکەی و دابەشکردنی رەنگەکان و دەستنیشانکرنی سیماکانی تابلوەکە دەکات... و ئەو لێرە لایەنکێکی داهێنانکاری جێبەجێدەکات کە پشت بە خەیالکردن و دیدگاکەی دەبەستێت تا ئەم خەیالە لە رێگای رەنگ و کاغەز و ئامێرەکانی تر دەبێتە تابلوییێکی هونەری دەربرین لە دیدگای وێنەکێشەکە دەکات بو ئەو بابەتەی بو تابلوەکە دەستنیشانکراوە.

# قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی

قۆناغی یەکەم: ئامادەکاری بۆ بەرهەمهێنان

قۆناغی دووەم: قۆناغی پێش بەرهەمهێنان/ قۆناغی پێش وێنەگرتن

قۆناغی سێیەم: قۆناغی بەرهەمهێنان

قۆناغی چوارەم: قۆناغی دوای بەرهەمهێنان

## قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی:

بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی وەک پرۆسەیەکی هەمەلایەنە بەچەندین قۆناغ دەڕوات تا دەگاتە بەرهەمهێکی کامل و هەر قۆناغێک چەندین تایبەتمەندی خۆی هەیە و هەر قۆناغێک بەپێی تایبەتمەندی خۆی مامەڵەی تایبەت بەخۆیەوە هەیە. بۆیە دەتوانین قوناغەکانی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی بۆ سێ قوناغ پوخت بکەینەوە کە بریتین لە:

## قۆناغی یەکەم: پێش بەرهەمهێنان (ئامادەکاری بۆ بەرهەمهێنان):

ئەم قۆناغە بە گرنگترین قوناغ هەژمار دەکرێت کە پرۆسەی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی پێیدا تێپەر دەبێت، ئەم قۆناغە ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت.

**١- هەڵبژاردنی بیرۆکە::**

یەکەم شت کە پێویستە ئامادەکار بیری لێبکاتەوە تەوەر و بابەتی بەرهەمەکەیە، چونکە دەتوانرێت لە ژینگەی دەوروبەرەوە لە ڕێگەی ژیان و کێشە و نیگەرانی و نیگەرانییەکانی مرۆڤەکانەوە دەربهێنرێت. وتێبینیکردنی ئەوەی لە کۆمەڵگەی دەوروبەریدا دەگوزەرێت و چی لە میدیاکان دەردەکەون و پێداویستییەکانی خەڵک دەهێنێتە ئاراوە.

ئامادەکار دەبێت لە کاتی هەڵبژاردنی بابەتي بەرهەمەکەیدا چەند خاڵێکی بنەڕەتی لەبەرچاو بگرێت، گرنگترینیان ئەوەیە بیرۆکەکە دووبارە نەبێتەوە، گرنگ بێت ولە چوارچێوەیەکی جوگرافیای دیاریکراودا، کە کاریگەری هەبێت و بەها و بیروباوەڕی کۆمەڵگا لەبەرچاو بگرێت.

ئامادەکار دەبێت لە نزیکەوە سەیری هەموو ئەو شتانە بکات کە لە کۆمەڵگەی دەوروبەریدا دەگوزەرێت و بەدوای ئامرازەکانی راگەیاندن و کتێب و ڕۆژنامە و توێژینەوە مۆدێرنەکاندا بگەڕێت تا بتوانێت ئەو بابەتە هەڵبژێرێت کە لەگەڵ بینەر و بەها و داب و نەریتەکانیدا بگونجێت

## ٢- دیاریکردنی مەبەست و فۆڕمی هونەری بەرهەمەکە:

ئامادەکار دەبێت ئامانجی بەرهەمەکە دیاری بکات، جا بە مەبەستی هۆشیاری و پەروەردە، کات بەسەربردن، پەروەردە، کۆکردنەوە و داڕشتنی بیروڕای گشتی، یان ئامانجی دیکە بێت.

دیاریکردنی فۆڕمی هونەری بریتییە لە هەڵبژاردنی جۆری بەرهەمەکە و گونجاوترین ڕێگا کە ئامادەکار پەیوەندی لەگەڵ بینەردا دەکات.

بۆ نمونە جۆری بەرهەمەکە بریتییە لە بەرنامەیەکی گفتوگۆی کارلێککارانە، وەک ئەو بەرنامانەی کە باس لە پرسە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن و میوانداری ژمارەیەک کەس دەکات، یان لەسەر بنەمای پێشکەشکردنی تاکەکەسی، وەک بەرنامەی هەواڵی ئەستێرە، یان بەکۆمەڵ، وەک پێشبڕکێ بۆ منداڵان و خێزانەکان.

**٣- دیاریکردنی شوێنی وێنەگرتن:** لە ژوورەوە لە ستۆدیۆ یان دەرەوە لە شوێنە گشتیەکان وەک پارک و شانۆ و هتد. هەروەها فۆرماتی پەخشی تۆمارکراو یان ڕاستەوخۆ دیاری دەکات.

**٤- گەڕان و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر بابەتەکە( زانستی- پراکتیکی- مەیدانی).**

پاش گەڵالەبوونی بیرۆکە و دیاریکردی جەماوەر، قۆناغی گەران و کۆکردنەوەی زانیاری دێت. بیرۆکەکە نیشانی بەرپرسان و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە دامەزراوە میدیاییەکان دەدرێت و لاری نەبوون و رازی بوون لەسەر بیرۆکەکە دەدەن جا بە دەستکاری کردنی بێت چ بە زیادکردن بێ چ بە لابردنی بێت. پاشان تەسەوەراتی چۆنیەتی گۆڕینی بیرۆکەکە  و دەوڵەمەندکردنی بۆ ئەوەی ببێتە پرۆژەی سیناریۆ. و ئامادەکردنی ستافی کارکردن و بەرنامە ڕێژکردن بۆ بەرهەمهێنانەکە.

## ٥- سیناریۆنووسین:

جۆری بەرهەمەکە رۆڵێکی سەرەکییە لە دیاریکردنی شێوازی نووسینی سیناریۆکە، بەو پێیەی نووسەر ناتوانێت پێشبینی سیناریۆکە بکات بۆ نموونە لە بەرنامەی گفتوگۆییدا.

بۆیە سیناریۆ نووسین دوو جۆر هەیە، یەکەمیان نووسینی تەواوی سیناریۆکەیە، وەک دیمەنی دراماتیک یان بەرنامەی هەواڵ.

دووەمیان نووسینی ناتەواو، بەو پێیەی نووسەر ناتوانێت کۆنترۆڵی تەواوی دیالۆگەکە بکات، بۆیە بەسە بەدانانی بابەت وناونیشانە سەرەکییەکان ودیاریکردنی ئەرک ورۆڵی بەشداربووان.

## قۆناغی دووەم: قۆناغی قۆناغی پێش وێنەگرتن(قۆناغی تەنسیق و ڕێکخستن):

١- گواستنەوەی بیرۆکە نووسراوەکانە بۆ کرداری پراکتیکی پێدەوترێ.

٢- ئامادەکردنی شوێنەکە و قۆناغی ڕێکخستنیشی پێدەوترێت کە تیدا ئامادەکاری دەکرێت لەرووی کەلوپەلەکان و ئامرازە هونەریەکان

٣- گفتوگوکردن لەسەر بابەتەکە و بیرۆکەکە و ئەنجامدانی گۆرانکاری و چاکسازی لە پرۆژەکە. ٤- ئامادەکاری لەرووی کەلوپەلەکان و ئامرازە هونەریەکان و ئامادەکردنی ستافی کارکردن و بەرنامەرێژکردن بۆ بەرهەمهێنانەکە.

٥- **هەڵبژاردنی ستاف وەك** بێژەر و پێشکەشکاران، وهێنانی میوان. جگە لە هەڵبژاردنی تیمی فۆتۆگرافەران وێنەگران و هونەری و تەکنیکاران.

٦- ئامادەكردنی دیكۆری ستۆدیۆكە و رازاندنەوەیان بۆ ئەوەی لەگەڵ ناسنامەی بەرنامەكەدا بگونجێت.

٧- ئامادەكردنی شوێنی وێنەگرتن ئەگەر بەرنامەكە پێویستی بە شوێنێكی دەرەوە هەبێت.

٨- ئامادەكردنی ڕووناكی گونجاو كە دیمەنی بینراوەكان دەوڵەمەندتر بكات.

# قۆناغی سێیەم: قۆناغی بەرهەمهێنان

لەم قۆناغە دەستدەکرێت بە وێنەگرتن وتۆمارکردنی بەرهەمەکە" واتا گۆڕینی سیناریۆکە بۆ گرتەی جوڵاو، ئەم قۆناغە لە هەموو قۆناغەکانی تر قورسترە و ماندووبوونی زیاترە، بەمەش کارە هونەرەیەک لەدایک دەبێت. سەرەڕای گرنگی پرۆسەی وێنەگرتن ، بەڵام تەواوکاری و پرۆفیشناڵ نابێت مەگەر هاوتەریب و هاوسەنگ وگونجاو نەبێت لەگەڵ ڕووناکی و توخمەکانی دیکۆری گونجاو. وێنەگران کار لەسەر وێنەگرتن دەکەن کە سەرنج و سەرنجی بینەر بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، هەرچەندە بابەتەکە گرنگ بێت، شێوازی گەیاندنی لە ڕێگەی وێنەوە گرنگییەکی زۆری هەیە، لێرەشدا ڕۆڵی دەرهێنەر دێت، کە کۆنترۆڵی ئاراستە ، قەبارە، و گۆشەی گرتەکان دەکات.

# قۆناغی چوارەم: قۆناغی دوای بەرهەمهێنان

ئەم قۆناغەش بریتیە لە بینین و نمایشکردن وهەلسەنگاندن، تێدا بیروڕا وپرس وبۆچوونی پسپۆری لەبارەوە وەردەگیرێت، دوای ئەوەی دیاری دەکرێت کە ئەم کارە هونەریە چەندە دەتوانێت کاریگەری دروست بکات لەکاتی سەیرکردن ونمایشکردنی لەلایەن کۆمەلێک کەسی دیاریکراوەوە، دواتریش لەقۆناغی کۆتاییدا کۆمەلێک چاکسازی و گۆرانکاری ئەنجام دەدەرێت، لەکرداری مۆنتاژکردندا ئەویش بەپێی ئەو دەرەنجامانەی کەپێی گەیشتوون. واتە دەکری هەر زیادە ولابردنێک لەم قۆناغە ئەنجامبدرێت. پاشان دروستکردنی رێکلام وبەبازارکردن وپەیداکردنی سپۆنسەر بۆ بەرهەمەکە کەدەبێتە سەرچاوەیەکی دارایی گرنگ بۆ بەرهەمەکە.

**بەکورتی لەم قۆناغەدا ئەم پرۆسانەی خوارەوە ئەنجام دەدرێن:**

١. نووسینەوە و ئیندێکسکردن و ڕیزکردنی پارچە ڤیدیۆکان و هەڵبژاردنیان.

٢. ئەنجامدانی مۆنتاژ، لەرێگەی دەستکاریکردن و کۆکردنەوەی پارچە ڤیدیۆیە پێویستەکان ودراشتنەوەیان لە چوارچێوەیەکی یەک لە دوای یەکدا بەپێی سیناریۆکە.

٣. تۆمارکردنی دەقەکانی کۆمێنت.

٤. تۆمارکردنی کاریگەری دەنگی و تراکی دەنگی.

٥. تێکەڵکردنی دەنگەکان.

٦. بەکارهێنانی گرافیک بۆ نووسینی ناوی بەشداربووان و زیادکردنی گرافیک لەسەر دەق وێنە و گرتەکان.

٧. کۆپی کردن

٨. بەبازاڕکردنی بەرهەمەکە

٩. پەخش: ئەگەر جۆری بەرنامەکە لایڤ بێت، دەستبەجێ پرۆسەی مۆنتاژکردنەکە ئەنجام دەدرێت، هاوکات لەگەڵ وێنەگرتن و نمایشکردنی لەسەر شاشە.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە هەریەکێک لەم توخمانە یاسای هونەری و داهێنەرانە تایبەت و زمانێکی دراماتیکی جیاوازیان هەیە کە جیاوازی دەکات لە نێوان دەرهێنەر و دەرهێنەر و بەرنامە و بەرنامە.

٦. بەکارهێنانی گرافیک بۆ نووسینی ناوی بەشداربووان و زیادکردنی گرافیک لەسەر دەق وێنە و گرتەکان.
٧. کۆپی کردن
٨. بەبازاڕکردنی بەرهەمەکە
٩. پەخش: ئەگەر جۆری بەرنامەکە لایڤ بێت، دەستبەجێ پرۆسەی مۆنتاژکردنەکە ئەنجام دەدرێت، هاوکات لەگەڵ وێنەگرتن و نمایشکردنی لەسەر شاشە.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە هەریەکێک لەم توخمانە یاسای هونەری و داهێنەرانە تایبەت و زمانێکی دراماتیکی جیاوازیان هەیە کە جیاوازی دەکات لە نێوان دەرهێنەر و دەرهێنەر و بەرنامە و بەرنامە.

# ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی

## یەکەم: ڕەگەزە مرۆییەکانی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی

بوونی ڕەگەزی مرۆیی فاکتەرێکی زۆر گرنگە بۆ کاراکردنی بەهەرمهێنانی تەلەفزیۆنی، ئەم گرنگیەش دەردەکەوێ لەوەی ناسراوە بە تیمی کارکردن یان ستافی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی، ئەوەی پرۆژەکە سەرکەوتوو دەکات بریتیە لە تەواوکاری و گونجان و ڕێکی نێوان ئەندامانی تیمەکەیە، هەرچەندە هەر ئەندامێک ئەرکی تایبەت و جیاوای هەیە لەوانی تر لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنیدا بەڵام دەبێت هەروەکو خشتی بیناکان تەواوکاری و پێکەوە گونجاو بن.

لە بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنیدا ستافی بەرهەمهێنان دەکرێتە چەند گروپێك

# ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی

**دووەم:** ڕەگەزە هونەرییەکانی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی

کوالێتی وێنە و جۆری وێنە و دەنگی باش و گرافیک و ڕەنگی شاشە هەموو ئەوانە بەیەکەوە بەرهەمێکی بەچێژ بە بینەر و بیسەری بەرهەمە میدیاییەکان دەبەخشن، و کاریگەری و ڕۆڵی گرینگییان دەبێت لە گەیاندنی پەیامە میدیاییەکانی تەلەفزیۆن، کە ئەمەش دەوەستێتەوە سەر دابینکردنی باشترین ڕەگەزەکانی هونەرییەکانی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنیدا.

# ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی

## سێیەم: ڕەگەزی دارایی و کارگێری بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی

بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی پێویستی بە دارایی و خەرجیەکی زۆر هەیە بە بەراورد بە هۆکارەکانی تری ڕاگەیاندن، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ڕەگەزەکانی و هەمەجۆری قۆناغەکانی، هەر بۆیە دامەزراوەکان هەڵساون بە پێکهێنانی ستافێکی تایبەت بە بابەتی خەرجی و دارایی، ئەویش لەسەر کۆمەڵێک ڕێسای تایبەتی دادەنرێت وەکو کرێی کەرەستە بەکرێگیراوەکان، کرێی ئەکتەرەکان، پاداشتکردنی کرێکاران، بەکرێگرتنی شوێن و گەشت و گواستنەوە لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر، بە هەموو ئەمانە دەڵێن بودجەی کار یان بودجەی پرۆگرامەکە

# ستافی بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنی

**لە بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنیدا ستافی بەرهەمهێنان دەکرێتە دوو گرووپی گەورە:**

گرووپێکیان بەشێوەیەکی گشتی ئەو کەسانەی کە دەست بۆ هیچ ئامێرێکی تەکنیکی نابەن دەگرێتەوە. گرووپەکەی تر ئەو کەسانەن کە کاری تەکنیکی دەکەن ئەوانیش وەک کامێرامان وئەندازیاری رووناکی ودەنگ وکارمەندەکانی گوستنەوەی کەلوپەلەکان.

**بەرهەمهێنەر** (Producer): بەرهەمهێنەر بەشێوەیەکی گشتی هەڵگرتنی بەرپرسیاریتی دیاریکراوی پرۆسەی بەرهەمهێنانە، ئەو کەسەیە کەبەپرسی بەرهەمهێنانی تاکەکانە وسەرپەرشتی بەرهەمهێنانەکە دەکات و هاوکاری لایەنی تەکنیکی و نا تەکنیکی بەرهەمەکە دەکات.

بە شێوەیەکی گشتی وەکو نوسەر یان دەرهێنەر کار دەکات، هەروەها بەرپرسی چەند بەرهەمێکی گەورەیە یان چەند زنجیرەیەک بەرێوەبردن، سەرپەرشتی بودجەکە دەکات وپەیوەندی لەگەڵ کلاینت وئەیجینسی رێکلام وسپۆنسەر ونوسەر وبەهرەمەندان دروست دەکات.

# ستافی بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنی

- دەرهێنەر (Director): لێپسراوە لەهەموو بوارێکی هونەریی و کارگێری ویاسایی کاری تەلەفزیۆن. دەرهێنەر بەرپرسی سەرەتا وکۆتاییە لەبەرێوەبردنی کارە هونەرییەکانی پرۆسەی دەرهێنان، کە لەسەر شاشە بەدەردەکەوێت. دەرهێنەر، نە وێنە دەگرێت ونە بەکاری مۆنتاژ هەڵدەستێت، نەکاری شێوە ودیکۆراتی بەرنامە رێکدەخات، و نەروناکییەکان ئامادەدەکات، بەڵام لەکاتیکدا ئەو لە هەموو قۆناغەکانی ئەم کارانەدا بوونی دەبێت و بەرێوەیان دەبات بەشێوەیەکی هونەری وتایبەت، بونموونە هەڵبژاردنی گرتە وگۆشەکان وکاریگەرییە بیانایی و دەنگییەکان و جوڵەی کامێرا ومونتاژ، وهەمووان پێویستیان بە بریاری کۆتاییە، لەبەر ئەوەی هەمووان کار لەسەر فەرمانی دەرهێنەر دەکەن، بەڵام دەرهێنەریش بەتەنها وبەبێ ئەوان ناتوانێت هیچ کاریکی هونەری ئەنجام بدات.

## سیما و خەسڵەتەکانی بەرهەمهێنەر:

١- پسپۆر بێت لەبوارەکەی.
- خاوەن بروانامەی پێویست بێت.
- خولی پێگەیاندن وراهێنانکردن.
- ئەزموونی زانستی.
- پسپۆری لە پیشەی میدیایی.

٢- توانای کارکردن لەگەڵ تیم و مامەڵەکردن لەگەڵیان
٣- هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی
٤- رۆشنبیری گشتی
٥- رۆشنبیری تایبەتمەند
٦- تواناو ئامادەیی کەسی
٧- توانای مامەڵەکردن و ئارامگرتن
٨- توانای داهێنان و نوێگەری و ئەزموونگەری
٩- توانای مامەڵەکردن لەگەڵ پێشکەوتنە نوێکانی تەکنەلۆژیا لەبواری کارەکەی.

# سەرکەوتنی پرۆسەی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی

١- شارەزابوون لە ئامانجە دیارو شاراوەکانی بەرهەمهێنان و لێگەیشتنی لەلایەن ستافەوە بە کارێکی زۆر گرنگ دادەنرێت، لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا.
٢- تێگەیشتن لەجەماوەری بەئامانجکراو ودیاریکردنی چینێکی تایبەت بەپێی تەمەن وئاستی رۆشنبیری وشوێنی نیشتەجێبوون. ئەمەش پێویست بە توێژینەوەی زانستی هەیە بۆ دیاریکردنی خواست وپێداویستیەکانی جەماوەری بە ئامانجگیراو.
٣- تەواوکاری و گونجان ورێکی نێوان ئەندامانی تیمەکەیە، دەبێت هەروەکو خشتی خانوو تەواوکاری و پێکەوە گونجاو بن.
٤- هەر ئەندامێك ئەرکی خۆی بەباشی بزانێت کە بۆی دیاریکراوە وبەشێوەیەکی بەرپرسیارانە وئەو پەڕی تواناوە کارەکانی ئەنجامبدات.
بەهرە وتوانا وشارەزایی لە کارەکەی و ئامێر وکەرەستەکانی رەگەزێکی تری سەرەکی سەرکەوتنی کارەکەیە.

# سەرکەوتنی پرۆسەی بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی

٥- گرووپی باش، کاری باش دەکات، کاتێک گرووپی کار، ئەگەر هاتوو بەچاکترین شێوە لە یەک تێگەشتن هەبوو وهەر کەسە ئەو بەرهەمە بەموڵکی خۆی بزانێت، زانی کارەکەی چییە لەو بەرهەمە؟ ودەبێت چی بکات؟ رێز وخۆشەویستی لە نێوان تیمکە هەبوو، ئەو کاتە دەتوانن بەرهەمی باش دروست بکەن، ئەو کاتە هەموو تاکێکی گرووپەکە هەست دەکات کە لەسەری پێویستە چ کارێکی داهێنەرانە بکات.

٦- کوالێتی وێنە وجۆری وێنە ودەنگی باش وگرافیک وڕەنگی شاشە هەموو ئەوانە بەیەکەوە بەرهەمێکی بەچێژ بەبینەر وبیسەری بەرهەمە میدیاییەکان دەبەخشن، و کاریگەری و رۆڵی گرینگییان دەبێت لە گەیاندنی پەیامە میدیاییەکان.

## هەنگاوەکانی ئامادەکردن بەرهەمهێنکی رادیۆیی و تەلەفزیۆنی:

**١- بیرۆکە(قۆناغی ئامادەکاری بەرهەمهێنان):هەڵبژاردنی بیرۆکە و بابەت و ناوی بەرهەمەکە.**

هەر بەرهەمهێکی میدیایی بە دەستنیشانکردن و دیاریکردنی ئامانجەکانی بەرهەمەکە بە شێوەیەکی روون دەستپێدەکات. جا بە بیرۆکە بێ یان بە بابەتی بەرهەمەکە بێ یا ناوی بەرهەمەکە کە پێکهاتووە لە ئامادەکار و دەرهێنان و پێشکەشکارو تیمی جێبەجێکار وبگرە تا ئەوانەی لەدەرەوەی بازنەی کاری تەلەفزیۆنن.

بیرۆکە سەرەتا لەسەر وەرقە دەنووسرێتەوە پاشان دەستکاری بە زیادکردن و لابردنی بۆ دەکرێ وجارێکی دیکە ریکخستنی بۆ دەکرێتەوە و ئامانجەکانی بەوردی دیاری دەکرێ وپاشان دیاریکردنی تەسەوەراتی چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەو بیرۆکەیە واتە ئەو شێوازانەی کە دەکرێ یان لەتوانایدایە جێبەجێ بکرێت.

# هەنگاوەکانی ئامادەکردن بەرهەمهێنکی رادیۆیی و تەلەفزیۆنی:

**مەرجەکانی بیرۆکە:**

١- دەبێ بیرۆکەکە سەرنجڕاکێش و قوولٚ و داهێنەرانە بێ و کاریگەری لەسەر بینەرو گوێگر هەبێ.

٢- روونی بیرۆکەکە، بەجۆرێک بیرۆکەکە روون و رەوان بێ و لەلایەن بینەرانەوە بە ئاسانی وەربگیرێ.

٣- هاوتەریب بێ لەگەڵ سیاسەتی گشتی و ناسنامەی کەناڵەکە یان دەزگا میدیاییەکە.

٤- نابێ لەلایەن سیاسەتی گشتی وڵاتەوە رەفز بکرێتەوە.

٥- هاوتەریب بێ لەگەڵ بایەخپێدانی جەماوەر و وەرگر و پێویستییەکانیان.

٦- لەکۆتاییدا دەبێ بیرۆکەکە بەهای هەبێ و شتی نوێ پێشکەشی کۆمەڵگا بکا.

## ٢: دیاریکردنی ئامانجی چارەسەرکردنی میدیایی:

ئەم ئامانجانەش بریتین لە:

– پێدانی جەماوەر بە زانست و زانیاری سەبارەت بە بابەت و کێشە جۆراوجۆرەکان.

– پاڵپشتیکردنی ئاراستە و بەها پەسەند و باشەکان کە لەبنەڕەتدا بوونی هەبووە لە لایەن چین و توێژەکانی جەماوەری ئامانجکراو.

– پاڵپشتیکردنی رەفتار و هەڵسوکەوتە باشەکان کە لەبنەڕەتدا بوونی هەبووە لە لایەن چین و توێژەکانی جەماوەری ئامانجکراو.

– هێنانەدی ئاراستە و بەها و رەفتاری باش سەبارەت بە بابەت و بیرۆکەی نوێ لە لە لەنێو کۆمەڵگە دەخرێنەرو کە پێویستی بە حەماسەی جەماوەری ئامانجکراو هەیە.

– هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئارستە و بەها رەفتارە خراپەکانی نێو جەماوەری بە ئامانجکراو.

# ٣- دیاریكردنی جەماوەری بەئامانجكراو.

لەهەم هەنگاوە جۆری جەماوەری ئامانجكراو لەبەر هەمەكە دیاری دەكرێ، جا جەماوەری گشتی بێت بەهەموو چین و توێژەكانی كۆمەڵگە یا جەماوەری جۆریی بێت كە مەبەست لە یەكێك لە چین و توێژەكانی جەماوەر كە دەكرێ **بەهۆی یەكێك یان زیاتر لەم خەسڵەتانەی خوارەوە جیا بكرێتەوە كەبریتین لە:**

- تەمەن.
- پیشە.
- رەگەز.
- تایبەتمەندی رۆشنبیری و فیركاری.
- ناوچەی جوگرافیی و نیشتەجێبوون( شار-كوند و لادێ).

**دیاریکردنی جەماوەری ئامانجکراو چەندین سوودی هەیە کەبریتین لە:**

– تەرکیز کردن(چرکردنەوە) لەسەر رەهەندی دیاریکراو لە بابەت و کێشەی دیاریکراو و خستنەروویان.

– دابینکردنی پێویستی و پێداویستییە راست و دروستەکانی جەماوەری بەئامانجکراو.

–دیاریکردنی مێوانی گونجاو.

– دیاریکردنی ماوەی بەرهەمەکە.

– دیاریکردنی کاتی گونجاو بۆ پەخشکردنی بەرهەمەکە.

– دیاریکردنی جۆری مۆسیقا و گۆرانی گەنجاو بۆ بەرهەمەکە.

– دیاریکردنی شێوەکانی پەیوەندیکردن و کارلێکەری گونجاو.

# ٤- دانانی پلانێکی سەرەتایی بۆ بەرهەمەکە.

کە خۆی لەمانەی خوارەوە دەبینێتەوە.

- **کاتی پەخشکردنی بەرهەمەکە**
- **زمانی بەکارهاتوو**
- **فۆرم و قالب وشیوەی بەرهەمەکە**

## ٥- دیاریکردنی میوان و قسەکەری بەرهەمەکە:

**ئەمەش بەندە بە کۆمەڵێك پێوەر لەوانە.**

- میوانەکە شارەزاو پسپۆری بابەتەکە بێت.
- توانای گەیاندنی پەیامەکانی بۆ جەماوەری بەئامانجکراو هەبێت کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی زانیارییەکان بە ئاسانی بە جەماوەرکە بگات.
- میوانەکە جێگای پەسەند وقبولی جەماوەری بەئامانجگیراو بێت.

# ٦- دیاریکردنی کاریگەرییە دەنگییەکان و مۆسیقا:

- کاریگەریە دەنگییەکان دوو جۆرن ( سررووشتی و دەرستکرد).
- مۆسیقا و گۆرانی( هەندێك لە بەرهەمەکان پشت بە مۆسیقا و گۆرانی دەبەستن و مەرجە کۆمەڵێك پێوەر هەبن لەوانە:
- گونجاو بێت لەگەل بابەت و بەرهەمەکە.
- گونجاو بێت لەگەل سروشتی جەماوەری بەئامانجکیراو.
- لە شوێن و کاتی گونجاوی بەرهەمەکە بەکار بهێنرێت.
- دورکەوتنەوە لە مۆسیقا و گۆرانی ئاست نزم.

مۆسیقای سەرتا و کۆتایی بەرهەمەکە( تایتل) و مۆسیقای بەستنەوە.

## ٧- ئامادەسازی بۆ دانیشتنێکی لەبار بۆ مێوان و پێشکەشکار:

ئەمەش بۆ:

- ڕێکەوتن لەسەر ئامانج و تەوەرەکانی بەرهەمەکە.
- دروستکردنی ژینگەیەکی لەبار و گونجاو ئارام لە نێوان مێوان وپێشکەشکار.
- دروستکردنی ژینگەیەکی لەبار و گونجاو لە نێوان مێوان و کامیرا.
- ڕێکەوتن لەسەر ماوەی بەرهەمەکە.
- فەراهمبونی کات بۆ تیمی بەرهەمێنان بۆ تاقیکردنەوەی ئامێر و کەرستە هونەری و تەکنیکییەکان.
- هەڵبژاردنی شێوەی گونجاو بۆ دانیشتنی مێوان و شێوەی گونجاو بۆ گفتوگۆکردن نێوان مێوان و پێشکەشکار.

٨- دانانی پلانێکی تێروتەسەلی تەواوکار لەگەل دەقی جۆراوجۆر و ڕێکخستنی برگەکانی بەرهەمەکە.

٩- پێشکەشکردن و وێنەگرتن و تۆمارکردنی بەرنامە

10- مۆنتاژ و تێکەڵکردن

# بەرهەمهێنانی فیچەر(Feature)

چەمکی فیچەر(Feature) وشەیەکی بیانییە بەهەمان شێوازی دەربڕینەوە لەزمانی(عەرەبی و کوردی) بەکاردەهێنرێت، کەبەمانای سیما وخەسڵەت دێت، بۆ ئاماژەدان بەسیمای روو (دەموچاو)، یان بۆ لایەنێکی تایبەت لەلایەنەکانی ژیان بەکاردێت، هەروەها بەو چیرۆکە هەواڵە قەبارە دیاریکراوە دەوترێت کە لەکەناڵەکاندا بڵاودەکرێتەوە، یان ئەو ریپۆرتاژەی لەسۆنگەی بەرنامەیەکی تایبەتەوە، لەناو بڕگەی بەرنامەیەکی گۆڤارییی، یان بەرنامەیەکی هەمەڕەنگدا پێشکەشبکرێت.

هەندێك لە توێژەران لەبری(بەرنامەی فیچەر)، زاراوەی(بەرنامەی تایبەت)بەکاردەهێنن، لەبەر ئەوەی ئەم بەرنامەیە لە هەموو لایەکەوە کار لەسەر دەرخستنی کەسێك، یان رووداوێك، یان کێشەیەك دەکات، وێنەیەکی تەواوی بابەتەکە بەرجەستە دەکات.

## پێناسەی فیچەر:

**فیچەر بریتییە لە"هونەری تێکەڵکردنی راستیی وتە ولێدوان، بەهەمان توانای درامای شانۆیی، بەڵام نەك بەهەمان ریتمی خەیاڵی شانۆیی، بەڵکو مەبەست لێی بڕواهێنانی بینەرە یان بیسەرە بەو راستییەی دەوترێت ئەگەر لەشێوەی دراماشدابێت".**

**هەروها فیچەر** قاڵبێکیە بەشێوازێکی داهێنەرانە ناوەڕۆك نمایشدەکات، ئەمەش خودی بەرهەمهێنەر دیاریی دەکات، لەگەڵ پەیوەستبوون بە پێورە تەلەفزیۆنی و رادیۆییەکانەوە.

پێناسەیەکی دیکە بۆ فیچەر بریتیە لە فۆرمێکی تایبەتی بەرنامەیە کەئامانجی دەرخستنی کەسایەتی، یان رووداو، یان بیرۆکە، یان کێشەیەك دەکات، لەهەموو لایەکەوە وێنایەکی تەواوی ئەو بابەتە ئاراستەی بینەر وبیسەران دەکات. بۆ بەرجەسەکردنی بەرنامەش هەموو شێوازێکی لێدوان، دیالۆگ، گفتوگۆ وبەڵگەنامەیی تێدا بەکاردەهێنێت. هەروەها مۆنتاژ بە جوانترین شێوازی پیشەیی ئاستبەر لەپێناوی بیرۆکەی بەرنامەدا بەکاردەهێنێت، بەشوازێکی لۆژیکیانە شیکاری ئێستا، پێشبینی داهاتوو دەکات .

## هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی فیچەری تەلەفزیۆنی:

بەرهەمهێنانی بەرنامەی فیچەر بە چەند هەنگاوێکدا گوزەردەکات لەوانە:

١- دیاریکردنی بیرۆکە: پێویستە رەچاوی وردی وریزبەندیی نمایشکردنی بیرۆکەی بکرێت، وبەشێوەیەکی هاوسەنگ وسادە لە تــەواوی بەرنامەدا پێکبهێنێت. وخستنەڕووی بیرۆکەکە بەچەندین تێڕوانینی جیاواز بخرێتەڕوو بەبێ ئەوەی هیچ لایەندارییەك هەبێت بۆ دەرخستنی راستییەکانی بابەتی بەرنامەکە. نـاوەڕۆک وخستنەڕووی کێشەی بەرنامەکە بە ئەمانەتێکی تــەواوە بخرێتەڕوو، کاری داهێنان وزانیاری تـەواو لەچوارچێوەی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا بنەخشێنرێت.

٢- دیاریکردنی ئامانج:

## هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی فیچەری تەلەفزیۆنی:

٣- گەڕان بەدوای زانیاری: زانیاریی پەیوەست بە بابەتەکە وبەهایەکی گرنگی هەبێت بۆ وەرگر.

٤- ئامادەکاری بەرنامە لە قاڵبێکی دیاریکراودا : دوای گەڕان و بەدەستهێنانی زانیاری، ئامادەکاری بەرنامە لە قاڵبێکی دیاریکراودا هێڵە گشتییەکانی کارەکە دەنەخشێنێت، بەشێوەیەك جێگای بایەخی وەرگربێت ژمارەی ئەو کەسانەی بەشداردەبـــن، ژمارەی دیمەن و گرتەکان بۆکاری وێنەگرتن، ئەوەی لە بابەتەکەدا گرنگە دەرخستنی راستی و زانیارییەکانە لەپێکهاتەی بیرۆکەی بابەتەدا، بەڵام پێویستە چارەسەری زانیارییەکان بەشێوازێکی داهێنەرانە بــخــرێــنــەڕوو، بەئامانجی ئـــەوەی زیندوویّتی بدات بەکارەکە وسەرنجی وەرگر رابکێشێت.

## هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی فیچەری تەلەفزیۆنی:

٥- نووسینی دەقی بەرنامە: ئەمەش بە یەکجار نووسین ئۆقرە ناگرێت، بەڵکو دوای چەند جارێك نووسین دەبێت.

٦- لەخۆگرتنی شێوەیەکی هونەری(سیناریۆ): بە دیاریکردنی دوو ستوون، لایەك دەنگ و لاکەی تر وێنە، لەگەڵ دیاریکردنی سەرجەم بڕگەکانی فیچەرەکەدا بەجوانترین ناوەڕۆکی هونەرییانە، کە پێکهاتووە لە پێشکەشکاری بەرنامە ولێدوانی کەسایەتییەکان و کارتێکەرە دەنگییەکان لە گشت شوێنەکانی وێنەگرتندا. زۆرترین گرتە و دیمەنی وێنەیی بۆ چارەسەری کێشەکە بونیادبنرێت، تەواوکارییەکی جوان لە نێوان دەنگ و وێنەدا بەئامانجی دروستکردنی کاریگەری ویژدانی وهۆشی لەسەر وەرگر دروست بکرێت، کە تایبەت بێت بە بابەت و کێشەی بەرنامەکە و وەرگریش گرنگی پێبدات.

٧- وێنەگرتن: دوای کاری وێنەگرتن و تۆمارکردنی روانینی کەسایەتییەکان و وتەکانیان، ئامادەکاری بەرنامە کۆکردنەوە و گرێدان دەستپێدەکات بەشێوەیەك وێنەیەکی تەواوی بەرنامەکە ئامادە بکات و دەربڕی تەواوی بابەتەکە بێت.

٨- دیاریکردنی کەسێکی تایبەت وەك پێشکەشکار یان گێڕەرەوە، دەقە نووسراوەکە بخوێنێتەوە، بەبێ ئەوەی دەربکەوێت، باشترە یەك کەس تەواووی دەقەکە بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی لای وەرگر تێکەڵییەك لەنێوان دەنگەکاندا روونەدات. هەروەها جۆرێك لە ناهاوسەنگی لەنێوان گرتەی دەنگی و دەقدا دروستدەکات. بەڵام ئەگەر بەرنامەیەك پێویستی بە دوو پێشکەشکاری(نیر و مێ) بوو، دەکرێت کەسانێکی مێ دەنگی ئەو لێدوانانە بەرجەستە بکەن کە دەنگی مێن، بەهەمان شێوە ئەو دەنگانەی لێدوانەکانی نێرن، نێر بن، بەڵام دەبێت بەشێوازێکی هۆشیاری و هەستیاریی گونجاو بەرجەستە بکرێن.

٩- قۆناغی مۆنتاژ: ئەمەش دوای تەواوبوون وکۆکردنەوەی گرتە ودیمەنە وێنەگیراوەکانی تایبەت بەبەرنامەی فیچەر، پرۆسەی مۆنتاژکردنی دەنگ وێنە دەستپێدەکات، جیبەجێکردنی پرۆسەی مۆنتاژ بەگشت جۆرەکانی گرێدان و تێکەڵکردنەوە جێبەجێ دەکرێت، بەهۆی ئامێری تۆمارکردنی ئەلەکترۆنی بینراو، بەبەکارهێنانی سیستمی کۆکردنەوەی گرتەی وێنەیی و دەنگییەکان بەئامانجی ئەوەی لەسکرێپدا نەخشێنراوە بەدیبێت.

## پێوانەکانی سەرکەوتنی بابەتی بەرنامەی فیچەر:

پێوانەکانی سەرکەوتنی بەرنامەی فیچەر پەیوەستە بە :

١- بایەخپێدانی بینەر یا بیسەر بە دۆزێك یان کێشەیەك یان ئەو بابەتەی پێشنیازکراوە بۆ بەرنامە، پێویستە زانیاری و بۆچوونەکان بڕواهێنان لای وەرگر بخوڵقێنن، ڕەزامەندی و ئارەزووەکانی بینەر تارادەیەکی زۆر بەدەستبەێنێت.

٢- پێویستە گرتە و دیمەنەکان هەڵقواڵوی وێنەی زیندووبن و پڕ لە هەست و سۆزبن و گوزاشت لە ناخ و ژیانی خەڵك بکەن، تا ئەو رادەیەی بینەر خۆیانی تێدا ببیننەوە.

٣- زیندوویێتی بابەتی بەرنامەی تایبەت پەیوەستە بەبایەخ و سەرنجدانی بینەران بۆ گرتە ودیمەنە وێنەییەکان وهۆکارێکە بۆ چاودێریکردنی بڕگەکانی هەرنامە، بۆیە بەرهەمهێنەران ئارەزوویان لە بەکارهێنانی وێنەی زیندوو پڕجووڵەیە، ئەمەش هۆکارێکی گرنگە بۆ بینەر کارلێك لەگەڵ بەرهەمەکەدا بکات.

# فیلم و بەرنامەی دیکۆمێنتاری:

دیکۆمێنتاری سەرەتا وەك ژانەرێکی سینەمایی لە باوەشی هونەری سینەمادا لە دایکبووە، ئەمڕۆش بەیەکێك لەبەرنامە گرنگەکانی تەلەفزیۆن دادەنرێت، چەندین کەناڵی تایبەتمەندیشی بەدوایی خۆیدا هێناوە.

دیکۆمێنتاری شێوەیەکە لە شێوەکانی گوزاریشت کردن بۆ هونەرێکی ناوازە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی هونەری سینەما بەوێنەگرتنی ژیانی ئاسایی رۆژانە دەستپێکرد، ئەمەش بۆتە سەرەتایەك بۆ سەرهەڵدانی ئەم جۆرە هونەرە وگەشەی کردووە چەندین قوتابخانەی جیاوازی جیهانی بەدوای خۆیدا هێناوە.

پێناسەی فیلمی دیکۆمێنتاری:

بەرنامەی دیکۆمێنتاری بریتیە لە**(تۆمارکردنی ناوەڕۆکێکی راستەقینە بۆ بابەتێکی واقیعی بەو شێوەیەی لە واقیعێکی بەردەست دا بوونی هەیە)**، لە ساڵی ١٩٤٨ یەکێتیی نێودەوڵەتیی بۆ سینەمایی دیکۆمێنتاری پێناسەیەکی گشتگیر بۆ فیلمی دیکۆمێنتاری دەکات بەم شێوەیە**(هەموو شێوازێکی تۆمارکردنی فیلمە بۆ دەرخستنی راستی هەر گرتە و لایەنێك بێت، ئینجا لە رێگەی وێنەگرتنی راستەوخۆ یان دووبارە بەرهەمهێنانەوە بە شێوەیەکی راستگۆیانە بۆ ئەوەی بینەر تەواو گرتەکەی لە بەردەست بێت تا ئاسۆیی زانین و تێگەیشتنی مرۆیی ئەو فراوان و چەسپاو بێت یا رێگەچارەی دروست بدۆزێتەوە بۆ کێشە و ئاریشەی ئابووری ، رۆشنبیری و پەیوەندییە مرۆییەکان).**

## ناوەرۆکی بابەتی فیلمی دیکۆمێنتاری:

بەشێوەیەکی گشتی فیلمی دیکۆمێنتاری پشت بە تێڕوانینی دەرهێنەر دەبەستێت بە شێوازێکی راستەوخۆ گوزارشت لە واقیعێکی دیاریکراو دەکات، هەڵبژاردنی شوێن وکەرەستەکانی وێنەگرتن بەئامانجی گەیاندنی پەیامێکی دیاریکراوە، پاشان سیناریۆی فیلمی دیکۆمێنتاری سیناریۆیەکی گرنگە بۆ روونکردنەوەی ناوەرۆکی بیرۆکە ودیارکردنی کات، لەفیلمی دیکۆمێنتاریدا زیادە رۆیی لەرووداو و بابەتەکان بوونی نییە زانیارییەکانیش راستییەکی واقیعی دروستکراو نییە.

ئەرکەکانی بابەت و فیلمی دیکۆمێنتاری:

**پێشکەشکردنی زانیاری:** زانین و زانیاری بەسوود ودروست و کاریگەر دەگەینێتە بینەر و جەماوەر.

**بەڵگەنامەیی ومێژووی( ناوەرۆکی فیلمی دیکۆمێنتاری):** واتە ئەرکی ئەرشیفکردنیە چونکە نمایشی راستی بیرۆکە بەدەنگ و وێنە و فیدیۆ دەکات لەسەر بابەت و کەسایەتی و رووداوەکان دەکات.

**ناساندن و فێرکاری:** هەندێك لە بابەت و فیلمی دیکۆمێنتاری بۆ ناساندنی مێژوو ویا کەلتور وکەسایەتییە، یان فێرکارییە تیدا ئەرکی پێشکەشکردن و روونکردنەوە وشرۆڤەکردنی واقعێکە لە راستی مرۆڤایەتیدا .بەو بابەتەی کە بازاڕسازی بۆ دەکات.

# بەشی دووەم ماوە

سیناریۆ بریتییە لە دانانی زنجیرەیەکی پێشبینیکراوی ڕووداوەکان بە تایبەتی، هەر یەکێک لە چەندین پلان یان ئەگەری ورد پێکهاتووە. هەروەها هێڵکاری یان دەستنووسی فیلمێکی جوڵاو یان بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیە، وپێدانی کردارە بەو ڕێزبەندییەی کە ڕوودەدات، وەسفکردنی دیمەن و کارەکتەرەکان و هتد. بەشێوەیەکی ریزبەندی ئامادە دەکرێت تاوەکو ئەو بەرهەمەی هەمانە یاخود دەمانەوێت دروستی بکەین بەو شێوەیە دروست دەکرێت کە سیناریۆیی بۆ داندراوە.

هەوەها سیناریۆ دەقی فیلم یان زنجیرە تێروانینێکە وەسفێکی نووسراوی ورد و یەک لە دوای یەک لە ڕووداوەکانی فیلمەکە، جا فیلمێکی سینەمایی بێت یان زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی یان زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی وئەوانی تر، بەپێی ئەو نمایشە لە سینەماکان یان هەر بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا، لەوانەش وەسفکردنی شوێن وکات و وەسفکردنی کارەکتەرەکان لە ڕووی جەستەیی ودەروونییەوە، لەوانەیە دیالۆگ یان دیالۆگەکە بەشێک بێت لە سیناریۆ یان سیناریۆکان و دیالۆگی کارەکتەرە قسەکەرەکانی فیلم یان زنجیرەکە لەخۆدەگرێت.

بەزمانێکی سادە دەتوانین بڵێین سیناریۆ "بریتییە لە ڤیدیۆیەکی پێشوەختەی نووسراو بە شێوەیەکی دیاریکراو، بە خوێندنەوە کە دەرهێنەر یان ڤیدیۆ ساز دەتوانێت بزانێت کە دەبێت کام دیمەن بە ڕێکوپێکی دروست بکات. نووسینی سیناریۆ جیاوازە لە جۆرەکانی تری نووسین چونکە تیشک دەخاتە سەر وەسفێکی وردی دیمەنەکان بەپێی هەندێک یاسا، بۆ ئەوەی کارەکان ئاسانتر بێت بۆ تیمی فۆتۆگرافی وبەرهەمهێنانی ڤیدیۆ، یەکێکە لە هونەرە جوانەکان چونکە پێویستی بە کارامەیی زۆرە، وەک لەم بابەتەدا ڕوونی دەکەینەوە.

## گرنگی و تایبەتمەندی سیناریۆ:

١- ئەو کەسەی کاری سیناریۆ نوسین دەکات دەبێت کەسێکی بیر فراوان و خوێنەر بێت.

٢- بەکارهێنانی تەکنیکەکانی چیرۆک بۆ وەسفکردنی ڕەوتی ڕووداوەکان بە تەرکیزێکی تایبەت.

٣- بە شێوەیەکی زنجیرەیی پێکەوە بەستراو ئامادە دەکرێت.

٤- سیناریۆ ئەگەرێکی جیاوازە لەو کاتەی کە ئێستا بەسەری دەبەین، بەلام ئەگەری ڕوودانیشی هەیە.

٥- وەسفێک یان پلانی کردار یان ڕووداوە ئەگەرییەکانە لە داهاتوودا کە ئەکتەرە تایبەتەکان تێیدا بەشدارن.

٦- دروستکردنی دۆخێکی تایبەتە کە مەبەست لێی نیشاندان و جێبەجێکردنی تەکنیکی بەرزی میدیا و بەرهەمهێنانە

٧-ئامۆژگاری یاخود پێدانی زانیاری پێشوەختە : ئەی ئای، ڤی ئاڕ و مێتا ڤێرس، زۆمبی

٨- سود وەرگرتن لە سیناریۆکان و جێبەجێکردنیان بۆ پرۆژەیەکی گەورەی زانستی یاخود مرۆیی

٩- ئەو پرسیار و ڕووداوانەی تیایاندا ڕوودەدات دەبێت لەگەل لۆژیک گونجاو بن.

## گرنگی نووسینی سیناریۆ:

سیناریۆ بڕبڕەی پشتی هەر فیلمێکە، بۆیە ناتوانرێت وازی لێبهێنرێت تەنها لە ڤیدیۆی بێ ئامادەکاریدا نەبێت، وەک دیالۆگی تەلەفزیۆنی کە پێویستی بە ئامادەکاری پێشوەختە نییە. گرنگی نووسینی سیناریۆ بەگشتی لەمانەی خوارەوەدایە:

١- سیناریۆ نووسی کوالیتی فیلمەکە باشتر دەکات.

بیهێنە بەرچاوت کە ئەکتەرەکان دەهێنیت بەبێ ئەوەی سیناریۆکە بنووسیت و ئازادیان دەکەیت کە ناوەڕۆکەکە بە شێوازی خۆیان دروست بکەن، دوای ئەوەی بیرۆکەیەکی گشتی فیلمەکەتان پێدەبەخشێت. ئایا دەتوانیت کوالیتی فیلمەکە بە خەیاڵتدا بهێنیت بەبێ ئاماژەیەکی نووسراو کە ئەکتەرەکان و دەرهێنەر ئاماژە بە نمایشەکە دەکەن؟

## ٢- نووسینی سیناریۆ کاتی وێنەگرتن کورت دەکاتەوە.

کاتێک پیشەسازی ڤیدیۆ دەست پێدەکات، کاتێک نامێنێت بۆ قسەکردن لەسەر ڕووداوە فریاگوزاریەکان و بابەتە بچووکەکانی وەک هەڵبژاردنی جل و بەرگ و شوێنەکان و دەبێت هەموو شتێک پێشوەختە ئامادە بکرێت و ئەمەش ئەوەیە کە نووسینی سیناریۆی پیشەیی یارمەتیدەرە.

## ٣- بەڵگەنامەکردنی سکریپتی ڤیدیۆکە.

نووسینی سیناریۆ وا دەکات ڤیدیۆکە بەهەمان وردەکارییەکان لەکاتێکی تردا دووبارە وێنەبگیرێتەوە، جگە لەوەش بیرۆکەکانی نووسەر بەپابەندبوون بەیاساکانی نووسینەوە دەپارێزێت و سنووردار دەکات. ئەگەر فیلمە کۆنەکان بۆ نموونە سیناریۆی خۆیان لەدەست بدایە، ئێستا نوێ نەدەکرانەوە و دووبارە فیلمیان بۆ نەدەکرایەوە و کتێبەکەیان ئەو هەموو پێزانینەی وەرنەدەگرت.

## هەنگاوی پراکتیکی بۆنووسینی سیناریۆیەکی پیشەیی:

سیناریۆ نووسی هەمیشە پەیوەندی بەفیلمسازییەوە هەبووە.بەڵام لەگەڵ بڵاوبوونەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بوونی ئامرازی دیجیتاڵی کە پرۆسەی دەستکاریکردن و ئامادەکردنی ڤیدیۆ ئاسان دەکات، ڤیدیۆ بووەتە زۆرترین ناوەڕۆکی بەکارهێنراو لە ئینتەرنێتدا. نووسینی سیناریۆ چیتر تەنیا لە پیشەسازی فیلم وسینەمادا سنووردار نییە، بەڵکو لە بوارەکانی تردا بەکارهاتووە، لەوانە پیشەسازی یارییە ڤیدیۆییەکان و پۆدکاستەکان، تەنانەت بلۆگکردن و ڤیدیۆ مارکێتینگ.

نووسینی سیناریۆ یەکێکە لەهەنگاوە گرنگەکانی ئامادەکردنی ڤیدیۆ، ئەگەر گرنگترینیش نەبێت. سیناریۆ وەک یەک لە دوای یەک لە دیالۆگ و دیمەنەکان پێناسە دەکرێت کە ڤیدیۆکە پێکدەهێنن و فۆرمە گشتییەکەی دەکێشن، هەروەها ئەو بیرۆکە وپەیامانەی کە دەتەوێت بیگەیەنیت بە بینەر دەگۆڕیت بۆ چیرۆکێکی سەرنجڕاکێش وتواوە کە سەرنجیان ڕابکێشێت. نووسینی سکریپت کارامەییەکی پێویستە بۆ بازرگانان وبلۆگەرەکان، چونکە سکریپتێکی باش بناغەی هەر ڤیدیۆیەکی سەرکەوتووە، هەر سروشتێکی هەبێت.

## هەنگاوی یەکەم:  دیارکردنی ئامانجی نووسینی سیناریۆکە.

یەکەم هەنگاو لە نووسینی سیناریۆدا، پێناسەکردنی ئامانج و جۆری سیناریۆکەیە. ئایا سیناریۆی ڤیدیۆیەکی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؟ یان سیناریۆی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیة؟ یا سیناریۆیەکە بۆ ڕادیۆ، یان سیناریۆی یارییەکی ئەلیکترۆنیە؟.

جۆر و ئامانجی سیناریۆکە کاریگەری دەبێت لەسەر شێوازی نووسینی سیناریۆکە، بەو پێیەی ئەو سیناریۆیانەی ئاراستەی ڤیدیۆکانی یوتیوب دەکرێن جیاوازن لەو سیناریۆیانەی کە ئاراستەی بەرنامە تەلەفزیۆنی وڕادیۆییەکان دەکرێن. هەروەها، سیناریۆکانی ئاراستەکراوی بازاڕکردن بەزۆری پیشەییترن لەبۆ نموونە سیناریۆکانی کات بەسەربردن، چونکە بەزۆری بانگەوازی کارکردنیان تێدایە.

هەروەها گرنگە جۆری سیناریۆکە دیاری بکرێت، چونکە چەند جۆرێک لە سیناریۆ هەیە لەوانە:

سیناریۆی پەروەردەیی: هەوڵدەدات ناوەڕۆکی پەروەردەیی و زانیاری بەخش پێشکەش بکات.

سیناریۆی بازاڕکردن: هەوڵدەدات بەرهەمێک یان براندێک بەبازاڕ بکات، ولە پلەی یەکەمدا لەلایەن کۆمپانیاکان و خاوەن کارەکانەوە بەکاردەهێنرێت.

سیناریۆی کات بەسەربردن: هەوڵدەدات بینەران سەرقاڵ بکات، وبەشێوەیەکی بەرفراوان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و یوتیوب بەکاردێت.

لەکاتی نووسینی یەک سیناریۆدا دەتوانرێت زیاتر لەجۆرێک کۆبکرێتەوە.  بۆ نموونە دەتوانرێت مارکێتینگ وپەروەردە لەهەمان سیناریۆدا تێکەڵ بکرێت، بەنووسینی سیناریۆیەک کەبینەران فێری چۆنیەتی بەکارهێنانی بەرهەمێک بکات، یان توێژینەوەیەکی کەیس کە هەندێک لەبەکارهێنانەکانی پیشان بدات. هەروەها دەکرێت مارکێتینگ وکات بەسەربردن تێکەڵ بکرێت، بە نووسینی سیناریۆی مارکێتینگ، بەڵام بە تامێکی گاڵتە , وتەنز و هتد.

هەنگاوی دووەم: ئەو ئامادەبووانە دیاری بکە کە بە نووسینی سیناریۆکە دەیکەیتە ئامانج.

وەک هەموو جۆرە ناوەڕۆکێک، پێویستە ئامانجی ئەو سیناریۆیەی کە دەینووسیت پێناسە بکەیت، بۆ ئەوەی دڵنیا بیت لەوەی کە پەیامەکە بەپێی تایبەتمەندی ومەیلی ئامانجی ئامانجەکە دەگەیەنرێت وفۆرمولە دەکرێت. ئەمانە هەندێک لەو هۆکارانەن کە پێویستە لە کاتی نووسینی سیناریۆکەتدا لەبەرچاویان بگرن:

هەڵبژاردني دیمۆگرافیای ئامانجی سیناریۆکە.

پێویستە دانیشتوانی ئامانجەکە بە وردی هەڵبژێرێ، چونکە سیناریۆ ودیالۆگەکانی ئاراستەکراوی گەنجان ڕەنگە بۆ گەورەکان نەگونجێن وسیناریۆکانی ئاراستەکراوی ژنان بۆ پیاوان گونجاو نەبن و بە پێچەوانەشەوە.

## هەنگاوی سێیەم: نووسینی ڕەشنووسی سەرەکی سیناریۆکە.

دوای پێناسەکردنی ئامانجی سیناریۆکە، بینەری ئامانج. قۆناغی نووسینی ڕەشنووسی سەرەکی سیناریۆکە دەست پێدەکات، بە بیرۆکە و دیالۆگەوە. ئەم قۆناغە سەرەتاییە، ودەست بە نووسینی کۆتایی سیناریۆکە ناکرێت، بەڵکو بەسە بە دروستکردنی زۆرترین ژمارەی بیرۆکە کە لەگەڵ تەوەر و پەیامی سیناریۆکەدا بگونجێت.

کاتێک کە بیرۆکەی لاوەکی بەشی پێویست دروستکرا، دەکرێ دەست بکرێت بە بەستنەوەی خاڵەکان و ڕێکخستن و فلتەرکردنی ئەو بیرۆکانە، بیرۆکەکان لەم قۆناغەدا بەزۆری بە شێوەیەکی هەڕەمەکین، و ڕەنگە لە سەرەتادا وا دەرنەکەوێت کە پێکەوە نەگونجێن.

## هەنگاوی چوارەم: دارِشتنی سیناریۆکە.

دوای کۆکردنەوە وپاڵاوتنی بیرۆکەکان، کاتی ئەوە هاتووە دەست بکرێ بە نووسینی سیناریۆیەک و بەتاڵی بکرێتەوە بۆ قاڵبێکی چیرۆکی جیاواز کە ئەو ئامانجانە بگەیەنێت کە پێشتر دانراون بۆ ئامانج. لەم کاتەدا پێویستە سەرنج لەسەر نووسینی سکریپتێکی سادە بێت کە بە ئاسانی بگۆڕدرێت بۆ ڤیدیۆیەک کە ئامانجە دڵخوازەکان بەدەست بهێنیت. بۆیە هەوڵ نەدرێ شاکارێک ئامادە بکرێت، گرنگ ئەوەیە سیناریۆکە ئامانجە دڵخوازەکان بگات.

لێرەدا چەند ئامۆژگاریەک بۆ چۆنیەتی نووسینی سیناریۆیەکی پیشەیی دەخەینەڕوو:

## هەنگاوی پێنجەم: پێداچوونەوەی کۆتایی بە سیناریۆکە.

دوای ئەوەی نووسینی سیناریۆکە تەواو بوو ، دەبێت پێداچوونەوەی پێدا بکرێت بۆ ئەوەی لەوەی دڵنیا بیت کە ئەو ئامانجانە بەدەست دەهێنێت کە پێشتر دانراون، و ئەو پەیامە دەگەیەنێت کە دەتەوێت بڵاوی بکەیتەوە. ئەم پرسیارانە لە خۆت بکە و بە وردی وەڵامیان بدەرەوە:

ئایا سیناریۆی کۆتایی لەگەڵ ئامانجەکە دەگونجێت؟

ئایا لە سەرەتاوە ئەو پەیامە دەگەیەنێت کە دەتەوێت بە ڕوونی بڵاوی بکەیتەوە؟

ئایا سیناریۆکە بۆ ئەو ئامراز و پلاتفۆرمە گونجاوە کە دەتەوێت ڤیدیۆکە لەسەری بڵاو بکەیتەوە؟

ئایا سیناریۆکە درێژییەکەی گونجاوە؟

لە ڕاستیدا ڕەنگە نووسینی سیناریۆکە گرنگتر بێت لە دروستکردنی ڤیدیۆکە خۆی، بەو پێیەی نووسەر ئەو کەسەیە کە زۆربەی شتەکانی ناو فیلمەکە بڕیار دەدات وبەم شێوەیەش بەرپرسیاری سەرەکییە لە سەرکەوتن یان شکستی فیلمەکە.

# سکریپت چیە؟

بریتیە لە ناوەرۆکێکی نوسراو ، لەسەر دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکانی چیرۆکەکە جەخت دەکاتەوە. دەتوانیت لە چیرۆکێکی ڕەسەن یان تایبەتمەندییەکی هەبووەوە سیناریۆیەک دروست بکەیت و یارمەتیدانی ئەکتەرەکانە بزانن چی بڵێن بۆ ئەوەی کارەکتەرە دیاریکراوەکان بە دروستی وێنا بکەن .ئەمەش دەتوانێت یارمەتی ئەکتەرێک بدات کە خۆی بۆ ڕۆڵەکە ئامادە بکات و ڕەنگە ڕێگەی پێبدات نمایشێکی سەرنجڕاکێشتر پێشکەش بکات.

## ستۆری بۆرد:

ستۆری بۆرد یان سیناریۆی وێناکراو به ئینگلیزی: ستۆری بۆرد. ستۆری بۆرد بریتییه لەنیمایشەکی گرافیکی که چۆن ڤیدیۆکەت دەکرێتەوە، وێنە بە وێنە. پێکهاتووه لە کۆمەڵێک چوارگۆشه کەوێنە یان کادێری وێنەیان تێدایە، لەگەڵ ئەو تێبینیانەی سەبارەت بەوەی کە چی لە دیمەنەکەدا ڕوودەدات وچی لە سیناریۆکەدا دەوترێت لە کاتی ئەو وێنەگرتنەدا. کەواتە ستۆری بۆرد چیرۆکەکان بە هاوکاری وێنەکان دەگێرێتەوە

لە کاتی دروستکردنی ڤیدیۆدا، ستۆری بۆردەکە نەخشەی ڕێگاکەتە. وەک سیناریۆیەک، ستۆری بۆردەکەت بە شێوەیەکی بینراو ڕێنماییت دەکات لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا، بە پلاندانان بۆ ڤیدیۆکەت، دەزانیت چ وێنەیەک دروست بکەیت و چۆن دروستی بکەیت کاتێک دەست بە وێنەگرتن دەکەیت. دەتوانیت پێشوەختە فیدباک لە کەسانی تر وەربگریت و گۆڕانکاری سادە لە ستۆری بۆردەکەتدا بکەیت لەبری ئەوەی گۆڕانکاری گەورە لە کاتی وێنەگرتندا بکەیت.

ئەگەر بەرهەمهێنەر کاتێکی پێویست بدات بە دەرهێنەر و دیزاینەری ستۆری بۆرد، لە ڕاستیدا چانسی پرۆسێسکردنی چیرۆکەکە بە باشترین شێوە و ئامادەیی بۆ جێبەجێکردنیان دەبێت. تا زیاتر کات لە ستۆری بۆرددا بەسەر بەریت، ئەنجامەکەی گەشاوەتر و باشتر دەبێت.

## بۆچی پێویستمان بە ستۆری بۆردە؟

- باشترین ڕێگایە کە تێروانین بۆ فیدیوکان بە بەرامبەرتان بە ئاسانترین ڕێگا پیشان بدەن.زۆر جار هاتووە پێش کە نەمانتوانیوە بەرامبەرەکەمان تێبگەینین تەنیا بە نووسین یان وەسف کردن. بە ستۆری بۆرد دەتوانن ویدیوی خۆتان پیشانی خەلکی بدەن. بەو شێوازی تێگەیشتن لە بیرۆکەتان ئاسانتر دەکات بۆ بەرامبەرەکەتان.

- ئاسانکاری بۆ دەرهێنان،کاتێ کە فیدیۆیەک ستۆری بۆرد دەکەیت ئەوە بەرنامەیەک بۆ دەرهینان رێک و تەنزیم دەکەیت. کە تەواو شاتەکان دیاری دەکەیت وچۆنیەتی ڕێزکردنیان بدوای یەک.ئەو گەرەنتیەی هەیە کە هیچ دیمەنێکی لەبیر ناکەن و ویدیۆکەتان لە پێش چاوتانە.

- مامەلە کردن بەهێز دەکات،دەتوانن خالە لاوازەکان دەستنیشان بکەن و دەزانن کە لەکوێ کێشەتان هەیە ودەتوانن ویرایشی بکەن وزیاد وکەم بکەن حەتا ناوەرۆکەکەتان جوانتر و بەهێزتر بێ.
- تەرکیز لەسەر تەواو قۆناغەکانی کارکردن زیاد دەکات.یارمەتیت دەدات لەسەر هەدەفی ناوەرۆکەکەت تەرکیز بکەیت.دەزانی کە چۆن کارەکەت دەچێتە پێش و دەبێ چی بکەیت.
- لە کۆتا خالدا ستۆری بۆرد دەبێتە هۆی لەدەستنەدانی کات.رەنگە لە سەرەتا دا هەست بکەیت کە زیادەیە یان هنێ کاتی بوێ تا ستۆری بۆردەکە لە تەنیشت یەک رێزبەندی بکەیت،بەلام لە ماوە درێژەکەدا دەبێتە هۆی لەدەست نەدانی کات و دەرفەتی ویرایستان پێ دەدات.

## بەشەکانی ستۆری بۆرد:

پانێل :بە چوارگوشەکانی ناو ستۆری بۆردەکە دلێن ،دەکرێ ئاماژە بە جۆلەکانی کامێرا.

کێشانی چوارگۆشەکان بۆ کێشانی وێنە بە دەست وبەئامێر دەکرێ.دەکرێ تەراحی ستۆری بۆرد بی دەکرێ زۆر پرۆفیشنالیش نەبی روی جوان کێشانەوە.

سکرییپت(دەقی نمایشنامەکە)

ناونیشان ،ناوی دیمەنەکە یان هەر نووسینێکی تری کە پێویست بوو لێ زیاد دەکەن.

تەواو تێبینیەکانی خۆت کە سەبارەت بەو شتانەی کە روو دەدەن بنووسە.

شەرحەکێکی کۆرت سەبارەت بەو رووداوانەی کە روودەدەن لە ناو دیمەنەکاندا بە کۆرتی بۆ بینەر باس بکەیت. هندی جار ئەو شەرحە پێویستی بە ٢ یان ٣ وێنەی بچۆکی جیاجیایە.